حوکمەکانی ڕۆژوو گرتن :

ئەی موسوڵمان بەندەی خوا : بزانە . خوای پەروەردگار هەموومان فێری زانست کات - ئەم پاداشتە زۆر گەورەیە و چاکە فراوانەی کە جگە لە خوا پەروەردگار و میهرەبان نەبێ کەس توانای ژماردنی نیە ، و هیچ کەسیش دەستی ناکەوێت جگە لەو کەسە نەبێت کە ڕۆژووی ڕەمەزانکەی بەپێی سوننەتەکان و ڕێنمایەکانی دوا پێغەمبەری پێغەمبەران بێ .علیهم الصلاة وسلام . لەو حوکمانەی کە پەیوەستن بەم فەرزە گەورەیە و بەم مانگە موبارەکەوە .

ئێمەش لێرەدا دەست دەکەینە ڕوون کردنەوەی ، بە بێ ئەوەی لاسای (**واتە : تەقلید**) ی هیچ کەس بکەین لەم کارەماندا ، سەرچاوەشمان بۆ ئەم کارە بریتیە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتە (**صحيح**) و (**حسن**) ەکانی پێغەمبەری خوایە ﷺ بە تێگەیشتنی سەلەفی ساڵحی ئەم ئومەتە ، لە چوار پێشەوایانمان و ئەوانەش پێش ئەوان بوون لە صەحابە و شوێنکەوتوانیان ، تەنها ئەمەش بەسە و پێویستت بەبەڵگەی تر نابێت . هەروەها باشترین مەزهەبی فیقهی و ڕاست ترین ئیجتهامان هەڵبژاردوو .

ئەو کارانەی کە پێش ڕەمەزان ئەنجام دەدرێن :

١ - ژماردنی ڕۆژەکانی مانگی شەعبان :

پێویستە لەسەر ئوممەتی ئیسلامی ڕۆژەکانی مانگی شەعبان بژمێرن ، بە مەبستی خۆ ئامادەکردن بۆ مانگی ڕەمەزان ، چونکە مانگ بیست و نۆ ڕۆژ دەبێت و سی ڕۆژیش دەبێت ، بە بینینی مانگ ئوممەتی ئیسلامی هەموو بە ڕۆژوو دەبن ، بەڵام ئەگەر هەور بوو بە ڕێگر لە پێش بینینی مانگ ، ئەوا ئەو کاتە سی ڕۆژەی مانگی شەعبان تەواو دەکەین ، چونکە خوای پەروەردگار و بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویش مانگی کردووەتە هۆکارێك بۆ زانینی ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵ ، مانگیش لە سی ڕۆژ زیاتر نابێت [٣٣].

لە (**أبو هريرة**) وە رضي الله عنه دەگێڕنەوە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **صُومُوا لِرُؤيَتِهِ ، وَأَفْطِرُوا لِرُؤيَتِهِ ، فَإِنْ غُمَّ عَلَيْكُم ، فَأَكْمِلُوا شَعبَانَ ثَلاثِينَ** " [٣٤].

واتە : بەڕۆژوو بن بە بینینی مانگی ڕەمەزان ، وە وازبێنن لە ڕۆژوو گرتن بە بینینی مانگی شەوال ، بەڵام ئەگەر هەور بەر مانگی لێ گرتن لەو کاتەدا سی ڕۆژەی مانگی شەعبان بژمێرن و پاشان بە ڕۆژوو بن .

وە لە (**عبد الله**) ی کوڕی (**عمر**) ەوە رضي الله عنه دەگێڕنەوە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **لا تَصُومُوا حتى تَرَوا الهِلالَ ، ولا تُفْطِروا حتى تَرَوهُ ، فَإِنْ غُمَّ عَلَيكُم فَاقْدِروا لَهُ** " [٣٥].

واتە : بە ڕۆژوو نەبن تامانگی ڕەمەزان دەبینن وازیش مەهێنن تا مانگی شەوال نەبینن ، بەڵام ئەگەر هەور بەر مانگی لێ گرتن لەو کاتەدا (**تەقدیری**) بۆ بکەن .

وە لە (**عدي**) ی کوڕی (**حاتم**) ەوە رضي الله عنه دەگێڕنەوە فەرموویەتی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " **إِذَا جَاءَ رَمَضَان فَصُومُوا ثلاثِينَ إلا أنْ تَرَوا الهِلالَ قَبْلَ ذَلِكَ** " [٣٦].

---

[٣٣] مەبەستی نووسەران مانگەکانی ساڵی کۆچیە .

[٣٤] أخرجه البخاري (٤ / ١٠٦) رقم (١٩٠٩) ، و مسلم رقم : (١٠٨١) .

[٣٥] أخرجه البخاري (٤ / ١٠٢) رقم (١٩٠٦) ، و مسلم رقم : (١٠٨٠) .

واتە : ئەگەر مانگی ڕەمەزان بەسەردا هات ئەوا سی ڕۆژ بەڕۆژوو بن ، جگە لەو مانگەی کە تەواو بوونی سی ڕۆژ مانگی شەوال دەبینن .

٢ ـ هەر کەسێك ڕۆژی گومان (یوم الشك) بەڕۆژوو بی ئەوا سەر پێچی لە فەرمانی پێغەمبەر کردووە ﷺ :

نابێ هیچ موسوڵمانێك ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ پێش مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بێت ، بە بیانووی ئەوەی نەوەکو ڕۆژێك یان زیاتر لە مانگی ڕەمەزانی لەدەست بچێت ، جگە لەو کەسانەی کە ڕۆژوو گرتنی سوننەتیان لەگەڵ ئەو ڕۆژە جووت دەبێت .

لە (**أبو هريرة**) وە ﷺ دەگێڕنەوە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ : **" لا تُقَدِّمُوا رَمَضَانَ بِصَومِ يَومٍ ولا يَومَينِ ، إلا رَجُلاً يَصُومُ صَوماً فَلْيَصُمْهُ "** [٣٧].

واتە : پێش ڕەمەزان مەکەون بە ڕۆژێك ڕۆژوو گرتن ، هەروەها بە دوو ڕۆژیش جگە لەو کەسە نەبێ کە ڕۆژووی سونەتی دەکەوێتە ئەو ڕۆژانە ئەوا با ڕۆژووەکەی بگرێت .

برای موسوڵمان ئەوەش بزانە ئەو کەسەی ڕۆژی گومان (**یوم الشك**) بە ڕۆژوو بێ ئەوا سەرپێچی لە فرمانی پێغەمبەری خوای کردووە ﷺ .

لە (**صلة**) ی کوڕی (**زفر**) ەوە ، ئەویش لە (**عمار**) ەوە ﷺ دەگێڕنەوە فەرموویەتی : **" مَن صَامَ اليومَ الذي يَشُكُّ فِيهِ ، فَقَد عَصَى أَبَا القاسم ﷺ "** [٣٨].

واتە : هەر کەسێك بە ڕۆژوو بێت بە مەبەستی ڕەمەزان لەو ڕۆژەی کە گومانی لێ دەکرێت ، ئەوا سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ کردووە .

٣- ئەگەر یەك کەس مانگی بینی ئەوا با بەڕۆژوو بن بۆ ڕەمەزان هەروەها وازیش لە ڕۆژوو بێنن بۆ تەواو بوونی :

مانگ بینین بە مانە جێگیر دەبێت : بە شایەتی دانی دوو موسوڵمانی خاوەن عەدالەت ، لەبەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ : **" صُومُوا لِرُؤْيَتِهِ ، وَأَفْطِرُوا لِرُؤْيَتِهِ ، وَأَنْسِكُوا لَهَا ، فَإِنْ غُمَّ عَلَيْكُم فَأَكْمِلُوا ثلاثِينَ ، فَإِنْ شَهِدَ شَاهِدانِ فَصُومُوا وأَفْطِرُوا "** [٣٩] ، بڕگەی کۆتایی فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت : کە ئەگەر دوو موسوڵمان شایەتی بینینی مانگیان دا ئەوا بە ڕۆژوو بن لە یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان و وازیش بێنن لە ڕۆژوو لە کۆتایی مانگی ڕەمەزان بە بینینی دوو موسوڵمان .

---

[٣٦] أخرجه الطحاوي في (مشكل الاثار) رقم : (٥٠١) ، وأحمد : (٤ / ٣٧٧) ، والطبراني في (الكبير) : (١٧ / ١٧١) ، وفي سنده : مجالد بن سعيد ، وهو ضعيف كما قال الهيثمي في (مجمع الزوائد) : (٣/ ١٤٦) ، ولكن للحديث شواهد عدة انظرها في (الإرواء) رقم : (٩٠١) لشيخنا الألباني ـــ رحمه الله ـــ .

[٣٧] أخرجه البخاري رقم : (١٩١٤) و مسلم رقم : (٥٧٣ ـــ مختصرة) .

[٣٨] علقه البخاري : (٤ / ١١٩) ، و وصله أبو داود رقم : (٣٣٣٤) ، و الترمذي رقم : (٦٨٦) ، و ابن ماجه رقم : (٣٣٣٤) ، والنسائي رقم : (٢١٨٨) من عمر بن قيس الملائي ، عن أبي إسحاق عن صلة بن زفر ، عن عمار . و في سنده أبو إسحاق ـــ وهو السبيعي ـــ وهو مدلس وقد عنعنه ، وكان قد اختلط . ولكن له طرقا و شواهد أوردها الحافظ ابن حجر في (تغليق التعليق) : (٣ / ١٤١ ـــ ١٤٣) يحسن الحديث بها .

[٣٩] أخرجه النسائي : (٤ / ١٣٢) ، وأحمد : (٤ / ٣٢١) ، والدارقطني : (٢ / ١٦٧) من طريق حسين بن الحارث الجدلي عن عبد الرحمن بن زيد بن الخطاب عن أصحاب رسول الله ﷺ ، وسنده حسن ، وللفظ للنسائي ، وزاد أحمد : " **مسلمان** " ، والدارقطني : " **ذوا عدل** " .

بەڵام شاراوە نىیە تەنها بڕوا پێکردنی شایەتی دوو موسوڵمان لە ڕووداوێکدا ئەو ناگەیەنێت کە شایەتی موسوڵمانێك لەسەر بینینی مانگی ڕەمەزان وەرناگیرێت ، بەڵکو ئەوەمان پێ گەیشتووە لە (**ابن عمر**) ەوە ﷺ کە فەرموویەتی : " **تَرَاءى النَّاسُ الهِلالَ ، فَأَخْبَرْتُ النَّبيَّ ﷺ أَنِي رأيتُهُ ، فَصَامَ وأَمَرَ النَّاسَ بِصِيامِهِ** " [٤٠].

واتە : خەڵکی هەوڵی بینینی مانگی ڕەمەزانیان دەدا ، منیش بە پێغەمبەرم ﷺ ڕاگەیاند کە من مانگم بینیوە ، پێغەمبەریش ﷺ بە بیستنی هەواڵەکە ڕۆژووی گرت و فەرمانی بە خەڵکی کرد بە ڕۆژوو بن .

www.ba8.org
www.r-rast.com

[٤٠] أخرجه أبو داود رقم : (٢٣٤٢) ، و الدارمی : (٢ / ٤) ، وابن حبان رقم : (٨٧١) ، والحاكم : (١ / ٤٢٣) ، و البيهقي : (٤ / ٢١٢) من طريقين عن ابن وهب ، عن يحيي بن عبد الله بن سالم ، عن أبي بكر بن نافع ، عن أبيه ، عن ابن عمر . وسنده صحيح كما قال الحافظ ابن حجر في (التلخيص الحبير) : (٢ ١٨٧) .